قوباد تالەبانی: سندوقی هاوکاریی بۆ زیانلێکەوتوانی چەمچەماڵ دروستدەکرێت



قوباد تالەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە ڕووداوی لافاوەکەی چەمچەماڵ دەکەن و سندوقێك دروستدەکەن بەمەبەستی کەمکردنەوەی هاوکاری بۆ زیانلێکەوتوان. هەروەها کاری لەپێشینەیان چارەسەرکردنی خێڕ، دابینکردنی شوێنێ بۆ ئەوانەی ماڵەکانیان تێکچوە.
قوباد تالەبانی، ئەمڕۆ چوارشەممە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە چەمچەماڵ کە خێندان ئامادەی بو ڕایگەیاند، قەبارەی بارانبارینەکە لەم سنور ئێجار زۆر بوە، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکەن و لیژنەی تایبەتی بۆ پێکهێنراوە، بەڵام کاری لە پێشینەیان گواستنەوەی خێزانەکە بۆ ناو ماڵەکانیان.

ئاماژەی بۆشکرد، سندوقێك درووستدەکرێت، کە خێرخوازان و یەکێتی و حکومەت پارە کەدەکەنەوە.
سەرجەم هاوکارییەکان دەچێتە سندوقەکەوە سەیری زیانەکان دەکەین و بە ئاوێی بە دادپەروەری قەرەبوی ئەو کەسانە بکرێتەوە کە زیانیان پێگەیشتوە.

قوباد تالەبانی دەڵێت، "ئەمڕۆ ڕۆژی خەمخۆرییە نەك بەخشینەوەی تەمەت و تەمەتبارکردن، بەڵام لێکۆڵینەوەی ورد لە هەکاری ڕووداوەکە دەکەین".